### ئامانج مەحمود یاریزانی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی هەندرێن:

# هیوادارم وەرزشی کوردستان بە بەرزترین ئاست بگات و یاریگاکانمان لە هاندەر پڕ بن

**ئامانج مەحمود لەدایکبووی ساڵی ١٩٨٢ی شاری هەولێرە و خاوەنی بڕوانامەی ماجستێرە و مامۆستای زانکۆیە لە کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی و یەکێك لە یاریزانە هەرە بەتواناکانی کوردستانیشە لە یاری تۆپی پێ و ماوەیەکی زۆر لە خزمەتی وەرزشی کوردستان بووە، ئەمساڵیش گرێبەستی لەگەڵ یانەی هەندرێن مۆر کرد و توانی لە یارییەکانی خولی نایابی یانەکانی کوردستان ئاستێکی بەرز لەگەڵ یانەکەی پێشکەش بکات. پێشووتریش بۆ هەر یەك لە یانەکانی ئاسۆ، ئارارات، هەولێر، پێشمەرگەی هەولێر، بروسك، برایەتی، ئاڵا، ئاڵتون کۆپری یاری کردووە، بۆیە لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵان-ی دایەوە.**

دیمانە: کارزان کانەبی

*** ماوەیەك لە گۆڕەپانەکانی وەرزشی دوور کەوتیتەوە، هۆکارەکەی چی بوو؟**

- بۆ ماوەی دوو ساڵ و نیو خەریکی تەواوکردنی زمانی ئینگلیزی و ماجستێر بووم لە بواری زانستی وەرزشی لە وڵاتی بەریتانیا، بۆیە ئەو ماوەی لە وەرزشی کوردستان دابڕام.

*** ئاستی تۆپی پێی کوردستان لە ئێستادا چۆن دەبینی؟**

- زور بە داخەوە ئاستی تۆپی پێی کوردستان زور بە لاوازی دەبینم، بەتایبەتی قەیرانی دارایی وەکو هەموو لایەنەکانی تری بواری ژیان کاریگەری زۆری لە سەر خولی کوردستان هەبووە.

*** بیستوومانە چەند یانەیەك گرێبەستیان پێشکەش کردووی چۆنە لەگەڵیان ڕێکنەکەوتی؟**

- بەڵێ پێیان گوتبووم بۆ یاریکردن.

***گرفتی وەرزشی کوردستان زیاتر لە چیدا دەبینی؟**

- لە راستیدا گرفتەکان زۆرن و دەتوانین بەشێکی دەستنیشان بکەین، یەکەم: نەبوونی یاریگای وەرزشیی سەردەمیانە و گونجاو، دووەم: نەبوونی بەڕێوەبردنێکی ئەکادیمی لە یانەکان، سێیەم: نەبوونی پلانی ساڵانەی توکمە لە بەڕێوەبردنی خولی کوردستان واتا دیارکردنی کاتی دەستپێکردن و تەواوبوونی خولی کوردستان، چوارەم: نەبوونی ئەکادیمیایەکی باش بۆ پەرەپێدان بە بەهرەی لاوان و تازەپێگەیشتوان، ئەمەش دبێتە هۆی لاوازی لە کارامەکانی توپی پێی. پێنجەم: بەشداری نەکردن لە خولی نێودەوڵەتی بەهێز و ئاست بەرز لە بواری راهێنەران و داوەران. شەشەم: نەبوونی کەناڵی وەزشی تایبەت بە خولی کوردستان، هەرچەندە کۆمەڵێك راگەیاندکار و بەرنامەی وەرزشیی سەرکەوتوو دەبینرێت، بەڵام هێشتا پێویستمان بە ئەوە هەیە زیاتر پەرە بدرێت بە خولی کوردستان و بە یاریزانانی کورد. حەوتەم: کەمیی روشنبیری وەرزشی لەلایەن هەندێك لە یاریزانان و بەشێك لە راهینەران و کارگێڕانی یانەکان. هەشتەم: نەپاراستنی مافی یاریزانان لە یانەکان لەلایەن دەزگا بەرپرسەکان. گرفتی دیکەش زۆرن، بەڵام من ئەوانە بە سەرەکیترییان دەزانم.

*** پێت باشە بۆ بەرەوپێشبردنی ئاستی وەرزشی لە کوردستان چی بکرێت ؟**

- چارەسەرکردنی ئەو گرفتانەی باسمان کرد دەبێتە هۆی بەرەوپێشبردنی خولی کوردستان، وەکو بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیری یاریزانی کورد، بوونی یاریگای گونجاو و دامەزراندنی ئەکادیمیای پڕۆفیشناڵ و کرنەوەی خولی بەهێزی راهێنەران و داوەران، لادانی کەسانی نەشیاو لەناو وەرزشی کوردستان، بەرەپێدان بە لایەنی کارگێڕی یانەکان و پەرەدان بە بواری راگەیاندن، هەموو ئەو شتانە دەبنە هۆی بەهێزبوونی خولی کوردستان.



*** یانەکانی بەشدار لە خولی عێراق ئەمساڵ بەرنامەی پشت بەستنیان بە کوڕانی شارەکە بوو، لەسەر ئەم بڕیارەی تیپەکان بۆچوونت چییە؟**

- جێگای دەستخۆشییە و دەبوو ئەو هەنگاوە زوتر بنرابا بۆ ئەوەی ئێستا یاریزانانمان ئەزموونیکی باشتریان هەبا. من قەیرانی دارایی بە بەشێك لەو هۆکارە دەزانم کە یانەکان پشت بە یاریزانی خومان دەبەستن، ئەگەرنا چەندین ساڵە یاریزانی زۆر باشی کوردمان هەبووە، بەڵام ئەو هەلەیان بو نەڕەخساوە. هیوادارم زیاتر رێز لە یاریزانی کورد بگێریت و ئەوەندە بە لەخۆبایی و بێ وەفایی ناویان نەبن و زیاتر پاڵپشتییان بکرێت لەلایەنی ماددی مەعنەوی، چونکە یاریزانی کورد هەموو کات بە دڵسۆزی بۆ یانەکانیان یاری دەکەن.

*** بڕیارت نەداوە قوتابخانەیەکی پێگەیاندنی یاریزانان بکەیتەوە؟**

- من هێشتا یاریزانم، بەڵام ئەگەر لە داهاتوو ئەو هەلەم بۆ بڕەخسێ بە شانازییەوە وەریدەگرم، هیچیش لەوە لەلام خۆشتر و گەورەتر نییە کە خزمەتی وەرزشی کوردستان و رۆڵەکانی وڵاتەکەم بکەم.

*** هیوا و ئاواتت وەکو یاریزانێك چییە؟**

- هیوادارم وەرزشی کوردستان بە بەرزترین ئاستی بگات و بە شێوازێك بێت هەموو یاریگاکانمان لە هاندەر پڕ بن.

*** چ دەستکەوتێکت هەبووە لەگەڵ ئەو یانانەی یاریت بۆ کردوون؟**

-چوار نازناوم لە سەر ئاستی کوردستان بە دەست هێناوە (لە وەرزی (٢٠٠٤-٢٠٠٥)پلەی یەکەم لە گەل یانەی وەرزشیی ئارارات دوای ئەوە دوو وەرز لە سەر یەك لەگەڵ یانەی وەرزشیی هەولێر پلەی یەکەممان بە دەست هێناوە و لە ساڵی ٢٠٠٩ لەگەل یانەی وەرزشی بروسك بووینە پاڵەوانی خولی کوردستان، لەگەڵ یانەی هەولێریش بووینە پاڵەوانی خولی یانە نایابی عێراقی.

*** بیرەوەری تاڵ و شیرینت لە یارییەکان چی بووە؟**

- بەدەست هێنانی ٤ نازناو لەخولی کوردستان وە بەدەست هێنانی خولی یانە نایەبەکانی عێراق کاتە خوشەکانم بووە، لەدەستدانی لێدانی سزا لە یاری کۆتایی خولی نایابەکان هەولێر بەرامبەر یانەی دهۆك ناخوشترین کاتی وەرزشیم بووە.

*** چیت ماوە لە کۆتاییدا باسی بکەیت؟**

- سوپاس رێز و خوشەویستم بۆ دایك و باوکم هەیە، ئینشاڵا خودای گەورە لێیان خۆش بووە، چونکە ئەوان بە پێچەوانەی بەشێك لە دایك و باوکان هاندەری سەرەکی من بوون و پاڵپشتییان دەکردم لە سەرەتای دەستپێکردنی وەرزش، سوپاس بۆ خانەوادە بەڕێزەکەم،سوپاسی بێ پایانم بو هەموو ئەوانەی کە یارمەتییان دام و پاڵپشتییان کردم لە راهێنەران و هاوڕێیان و هاندەران، هەروەها سوپاسی گۆڤاری گوڵان دەکەم بۆ ئەم بەسەرکردنەوەیە کە هەمیشە لە خزمەتکردن بە بواری وەرزشی لە کوردستان پێشەنگ بوون.



# مۆرینهۆ سێ گرێبەست بۆ مانچستەر یۆنایتد مۆردەکات

قسە و باسەکانی رۆژنامەکانی ئینگلتەرە سەبارەت بە وەرگرتنی مۆرینهۆ ئەرکی راهێنەرایەتی یانەی مانچستەر یۆنایتد بۆ وەرزی داهاتوو بەردەوامە.

بە پیێ رۆژنامەی (صن) ئینگلیزی مۆرینهۆ گفتوگۆی لەگەڵ دەستەی کارگێری یانەی مانچستەر یۆنایتد کردووە و پی راگەیاندووە، کە دەبێت بە زووترین کات گرێبەست لەگەڵ ٣ یاریزان مۆربکەن لە کاتی کردنەوەی دەرگای گواستنەوەی هاوینە.

رۆژنامەی (میرور)ی ئینگلیزی دەڵێت: مۆرینهۆ بڕیاری داوە گرێبەست لەگەڵ هەریەکە لە یاریزانان (جۆن ستۆنز) یاریزانی هێڵی بەرگری یانەی ئێڤرتۆن و (ئیبراهیمۆڤیچ) یاریزانی هێڵی هێرشبەری یانەی پاریس سان جێرمان و یاریزانی هێڵی ناوەڕاستی یانەی بەنفیکا (ریناتۆ سانشێز) مۆربکات.

بە پێی رۆژنامەی میرور: ئەم گرێبەستانە لە رووی داراییەوە کێشە بۆ مانچستەر یۆنایتد دروست ناکات.

بە پێی دوایین زانیاری یانەی مانچستەر یۆنایتد لەگەڵ تەواوبوونی ئەم وەرزە بە فەرمی گرێبەستی راهێنەر لویس ڤان گاڵ کۆتایی پێ دەهێنێت.

# تەکنەلۆجیای ڤیدیۆ لە جامی جیهانی ٢٠١٨ بەکار دێت

هەفتەی رابردوو سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی نێودەوڵەتی جیانی ئەنڤانتینۆ لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسیدا متمانەی خۆی بە بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای دووبارەکردنەوە یاخود ڤیدیۆ لە یارییە گۆمان لێکراوەکان دا و وتی: زۆر سوودی دەبێت و لە جامی جیهانی ٢٠١٨ لە وڵاتی رووسیا بەم سیستەمە کار دەکەین.

وتیشی: هیوادارم ئەم سیستەمە لە جامی جیهانی ٢٠١٨ بۆ یەکەم جار سوودی لێ وەربگرین بۆ ئەوەی ببێتە یارمەتیدەری ناوبژیوانان لە یارییەکان، پێش بەکارهێنانی لە جامی جیهانی بە شێوەیەکی نموونەیی چەند ساڵێك بەکار دەهێنین بۆ ئەوەی بزانین تا چەند بەکارهێنانی ئەم سیستەمە سەرکەوتووە.

ئیڤانتینۆ ئەوەشی دووپات کردەوە کە بەکارهێنانی ئەم سیستەمە تەنیا لە رووداوەکان بەکار دەهێندرێت، کە شێوەی یاری یاخود ئەنجامەکە دەگۆڕدرێت وەکو لێدانی سزا و هەژمارکردنی گۆڵ و کارتی سوور، و یاریدەدەری ناوبژیوان ئەم سیستەمە بەکاردەهێنێت.

بە پێی قسەکانی سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی نێودەوڵەتی ١٣ وڵات لە کیشوەرەکانی ئەمریکای باکوور و ئاسیا و ئەمریکای باشوور و ئەوروپا ئامادەیی خۆیان نیشانداوە بۆ بەکارهێنانی ئەم سیستەمە لە خولەکانی وڵاتەکانیان.



# ئەگوێرۆ ژمارەی پێوانەیی لە خولی ئینگلیزی شکاند

یاریزانی یانەی مانچستەر سیتی ئینگلیزی و هەڵبژاردەی ئەرژەنتین سێرجیۆ ئەگوێرۆ بووە دووەم خێراترین یاریزان لە مێژووی خولی ئینگلیزی بۆ تۆمارکردنی ١٠٠ گۆڵ دوای یاریزانی ئەفسانەی خولەکە ئالان شیرەر.

هەفتەی رابردوو یاریزانی سێرجیو ئەگویرۆ لە یاری یانەکەی بەرانبەر یانەی نیوکاسیل توانی گۆڵێك تۆمار بکات و ژمارەی گۆڵەکانی بووە ١٠٠ گۆڵ.

بۆ گەیشتن بەم ژمارەیە سێرجیو ئەگوێرۆ پێویستی بە ١٤٧ یاری هەبوو بە پێچەوانەی ئالان شیرر، کە بە ژمارەیەکی کەمتر لە یاری توانی بگاتە گۆڵی ١٠٠.

ریزبەندی یاریزانەکان بەمشێوەیە:

١- ئاڵان شیرر ١٠٠ گۆڵ لە ١٢٤ یاری
٢- سێرجیۆ ئەگوێرۆ ١٠٠ گۆڵ لە ١٤٧ یاری
٣- تێری هینری ١٠٠ گۆڵ لە ١٦٠ یاری
٤- ئایان رایت ١٠٠ گۆڵ لە ١٧٣ یاری
٥- رۆبی فاولر ١٠٠ گۆڵ لە ١٧٤ یاری
٦- لویس فێردیناند ١٠٠ گۆڵ لە ١٧٨ یاری
٧- مایکل ئۆین ١٠٠ گۆڵ لە ١٨٥ یاری
٨- ئەندی کۆڵ ١٠٠ گۆڵ لە ١٨٥ یاری
٩- رۆبن ڤان پێرسی ١٠٠ گۆڵ لە ١٩٧ یاری
١٠- جیمی فلوید هاسلبانك ١٠٠ گۆڵ لە ٢٠٠ یاری
١١- دیدیە درۆگبا ١٠٠ گۆڵ لە ٢٢٠ یاری.





# سێ یانەی شارەکانی کوردستان هەوڵی رفاندنی کچانی سیروانی نوێ دەدەن




## راهێنەری ئەفرۆدێت پەشیمان دەبێتەوە

دوای ئەوەی هەفتەی رابردوو عەباس فەرەج راهێنەری تیپی فوتساڵی یانەی وەرزشیی ئەفرۆدێتی شاری سلێمانی دەستی لە مەشقی تیپی فوتساڵی یانەکە کێشایەوە بەهۆی گرفتی دارایی و جێبەجێ نەکردنی بەڵێنەکانی لەلایەن یانەکەیەوە کە ناوبراو چەند ساڵێکە لە ریزی یانەی ئەفرۆدێت خزمەت دەکات و چەندین یاریزانی بۆ تیپەکە پێگەیاندووە، بەڵام دوای تەنیا یەك هەفتە لە دەست لە کارکێشانەوەی دووبارە دەستەی کارگێڕی یانەکە هێنایانەوە بۆ ریزی یانەکەیان، لەم بارەشەوە عەباس فەرەج بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئەوەی راستی بێت من بە هۆکاری دارایی دەستم لە مەشقی یانەکە کێشایەوە، هەر چەندە بۆمن کارێکی ئەستەم بوو کە واز لەم تیپە بهێنم، چونکە ماوەیەکی زۆرە لەگەڵیان ماندووم، پێویستە زیاتریش گرنگی بە یاریزانانی تیپەکەمان بدرێت بۆ بەشداریکردنیان لە پاڵەوانیتیەکان و دابینکردنی پێداویستی بۆیان، بەڵام ئەمانەی باسم کرد هیچی وەکو پێویست نەبوو لە یانەکە، لەگەڵ ئەوەشدا نابێت یاریزان مافی خۆی وەرنەگرێت، بێگومان یاریزانەکانی من ئێستاش رکابەری عێراق دەکەن، نەك کوردستان، بۆیە دەبێت هەوڵی زیاتری بۆ بدرێت، بەڵام دوای چەند رۆژێك لە گفتوگۆکردن لەگەڵ کارگێڕانی یانەکەمان بڕیاری ئەوەیان دا بگەڕێمەوە ریزی یانەکە، منیش داواکارییەکانی خۆم وەکو راهێنەر پێشکەش بە دەستەی کارگێڕی یانەکە کرد، ئەوانیش بەڵێنی جێبەجێ کردنی داواکانی منیان داوە بۆ ئەوەی وەکو راهێنەر بەردەوام بم.» لە بارەی داواکردنی لەلایەن یانەکانیش عەباس گوتی: «چەندین یانە داوایان لە من کردووە بۆ ئەوەی ببمە راهێنەری تیپەکانیان، بەڵام من بۆ یانەی تر ئەو کارەم نەکردووە کە دەست لە تیپی ئەفرۆدێت هەڵگرم، من تەنیا بۆ جێبەجێ کردنی داواکانمان ئەو دەست لە کارکێشانەوەیم پێشکەش بە یانەکە کردبوو، وەکو تیپی فوتساڵ بۆ بەرژەوەندی یاریزانان کارم کردووە، بۆ گەڕانەوەش چەندین هەوادار و کچە یاریزانانی تیپەکە هەوڵی زۆریاندا بۆ ئەوەی بگەڕێمەوە، ئەوکاتە گەڕامەوە.»

دوای ئـەوەی کێشـە کەوتـە نێـوان تیپـی باسـکەی کچانـی سـیروانی نوێ و چەند ئەندامێکی دەسـتەی کارگێڕی یانەی وەرزشیی سیروانی نوێ دوای چەندین جار هەوڵدان بۆ ئەوەی گرفتەکـە چارەسـەر بکرێـت و کچانـی یانەکـە بـەردەوام بن لە وەرزشـکردن دواجـار نەگەیشـتوونەتە یەك و کچانـی یانەکەش بڕیاری جێهێشـتنی تیپەکەیان دا. بە گوتەی ڕاهێنەری تیپی باسکەی یانەکەش لە ئێستادا هەریەك لە یانەکانی پێشمەرگەی سـلێمانی و ئافرەتانـی هەولێـر و زێرەڤانـی لـە هەوڵـی ئەوەدان بیانگوازنەوە بۆ ریزی یانەکانیان. لەم بارەشەوە رزگار محەمەد ڕاهێنەری پێشـووی تۆپی باسـکەی تیپەکانی یانەی سیروانی نـوێ، تایبـەت بـۆ گۆڤـاری گـوڵان گوتـی: «ئێمـە وەکـو تیمەکانی باسکەی سیروانی نوێ لە ئاستی تازە پێگەیشتووان و لاوان و پێشـکەوتووان هیـچ پێوەندێکمـان بە یانەی سـیروانی نـوێ نەمـاوە، لەبەرامبەر ئەو ناهەقییانـەی بەرامبەرمان کراوە کە ماوەی چواردە مانگە مووچەی یاریزانانیان نەداوە. ماوەی ئـەم چـواردە مانگە ناهەقییەکی زۆر و زوڵـم لەم تیپانە کراوە، جگە لەمەش یەك دوو ئەندامی دەسـتەی کارگێڕی یانەکە بە نایاسـایی هێنراوەتە یانەکە کە لە هەڵبژاردنەکان ئێمە دەنگمان پـێ نـەداون، واتـە سـەرۆکی یانەکـە ئەوانی هێناوەتـە یانەکە، سـەرۆکی یانەکـە ماوەی بیسـت ساڵە سـەرۆکی ئـەو یانەیە، ئێستا بۆ دوو ساڵی تریش بۆتەوە بە سەرۆکی یانەکە، بەداخەوە دەسـتی بەسـەر یانەکەدا گرتووە و زۆربەی تیپەکانی تەسـفیە کردووە لە یانەکە، تیپەکانی باسـکەی ئێمەش ئاسـتی لاوان و پێشکەوتووانمان پاڵەوانی عێراقن، هەموو یانەیەك ئاواتە خوازە تیپـی ئەوهـای هەبێـت و میوانـداری کچـان بکـەن، کە کچی خۆیانن.» لە بارەی پێوەندی کردنیان بە یانەکانی تریش رزگار گوتـی: بـۆ ئێمـە هەمووی کوردسـتانە و ئینجا هـەر یانەیەك بێـت لـە هەولێـر، یـان دهـۆك، یـان سـلێمانی، گرنـگ ئەوەیە ئێمە خزمەتی وەرزشی دەکەین، لە وتووێژداین لەگەڵ هەریەك لـە یانەکانـی زێرەڤانـی و ئافرەتانـی هەولێـر و پێشـمەرگەی سلێمانی، ئێمەش قسەمان لەگەڵیان کردووە، کامەیان گونجاوتر بێـت بـۆ ئێمـە، دەچینـە ئـەو یانەیـە بۆ ئـەوەی زیاتر پـەرە بە تواناکانمـان بدەیـن. ئێمـە مـاوەی مانگێکە لە هەوڵـی ئەوەین لەگەل سـەرۆکی یانەکە گرفتەکانمان چارەسـەر بکەین، بەڵام نەگەیشـتنە هیچ، چونکە پیاوێکی سیاسـی دەسـتی بە سـەر یانەکـەدا گرتـووە. ئەو یانەیە یانەی ئەو کچانەیە کە وەرزشـی تێـدا دەکـەن، ئێمە ویسـتمان تاکرەوی لە یانەکـە نەبێت، بەڵام ئەوانە هەبوو بۆیە ڕۆیشتین.




# هەردی سیامەند خۆی بە شایستەی باشترین یاریزان دەزانێ

دوای ئـەوەی هەفتـەی رابـردوو یەکێتـی تۆپـی پێـی ناوەندی کوردسـتان ناوی باشـترین یاریـزان و گۆڵپارێـزی یارییەکانی ئەم وەرزی خولی نایابی یانەکانی کوردسـتانی ئاشـکرا کرد کە لەلایەن رۆژنامەنووسـانی سەرپەرشـتیار لە یارییەکانی خولەکە دیاری کرابوون بۆ ئەوەی باشترینەکان دیاری بکەن، لەم ناوەشدا ژمارەیەك لە یاریزانان کە توانیویانە ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەن و یانەکانیان بگەینە یاری کۆتایی فینالی خولەکەش ناویان لە باشترینەکان نەبووە. هەردی سـیامەند یەکێك لە باشـترین یاریزانانی خولی کوردسـتان و عێراقە و بە دڵی هێڵی بەرگری هەولێر هەژمار دەکرێت، بەڵام ناوی لە ریزی باشـترین یاریزان نەبووە. هەر لەم بارەیـەوە هـەردی سـیامەند بـۆ گۆڤـاری گوڵان گوتی: «مـن نازانم چی بکـەم هەتاکو ببمە باشـترین یاریزانی خولی نایابی کوردسـتان. بەڵام لە ریزی هەڵبژاردەی نیشـتمانی عێراقیم و باشترین ئاستمان پێشکەش کردووە لەگەڵ یانەی هەولێر لە خولی کوردستان، زیاتر چی بکەم، یان چاوەڕوان بم تاوەکو دەگەمە ریزی یانەکانی بایرن میونخ ئەوکاتە دەمکەنە باشترین یاریزانی خولی کوردستان؟» گوتیشی: «من خۆم بە مەغدوور دەزانم، هاندەرانیش ئەوە دەزانن و شەرم لەم هەڵوێستە دەکەن.» لە بارەی یەکێتی تۆپی پێی کوردستانیش گوتی: «من هیچ قسەیەکم بۆ ئەوان نییە، چونکە ئەوان خۆیان باشـتر دەزانن، بە هیوای ئەوەم باشـترین یاریزانان لە سـەر ئاست دیاری بکرێت، بۆ ئەوەی هیچ کەسێك مافی نەخورێت. چونکە چەندین یاریزانی وەکو من هەن کە ئاستی باشیان پێشکەش و کردووە ناویان تێدا نییە.»